*Journal of Language Studies.* **Vol.VI, No. 3, 2023, Pages (350-371)**

IRAQI Academic Scientific Journals

العراقية المجلات الأكاديمية العلمية

ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)

Journal of Language Studies

Contents available at: http://www.iasj.net/iasj/journal/356/about

# Semantic Challenges of Business Translation with Reference to English and Arabic: A Product-Oriented Approach

**Tara Yaseen Husean** *

**Salahaddin University**

**tarataraуaseen@.Gmail.com**

**Received:** 17 / 12 / 2022 , **Accepted:** 29 / 1 /2023, **Online Published: 15 / 5 / 2023**

©2023 College of Education for Women, Tikrit University. This is an open Access Article under The Cc by LICENSE http://creativecommons.org/licenses/by/4.0/

## Abstract

This research discusses the tagged (the aesthetic of the senses in the poems of Tayeb Jabbar ).

The foundations of aesthetics and Senses in lit erary according to the analytical and descriptive approach.

The content of the research consists of two main parts The first chapter consists of two theoretical parts.

1- aesthetic dimension

2- Tayeb Jabbar

The second chapter deals with both, the title of the research and the applied chapter, addressing the exach explanation of the five effects to the senses, in terms of employment and their achieve creativity in the embodiment of artistic painting the borrowed image.

The conclusion Summarized the most important findings of the research with a list of Sources.

**Keywords**: Aesthetic, Modemity, Sense, Poetic image, Tayeb Jabbar

* **Corresponding Author**: Tara Yaseen **, Email:** tarataraуaseen@.Gmail.com

**Affiliation**: Salahaddin University - Iraq

# البعد الجمالي في قصائد طيب جبار

**تارا ياسين حسين**

**جامعة صلاح الدين**

**المستخلص**

يحاور هذا البحث الموسوم (البعد الجمالي في قصائد طيب جبار ) ، أسس الجمالية والحواس في النصوص الأدبية وفق المنهج ( الوصفي التحليلي ) .

يتكون مضمون البحث من قسمين رئيسين :

الفصل الأول يتألف من محورين نظريين:

١- البعد الجمالي.

٢-حياة طيب جبار.

الفصل الثاني يتناول كل منه عنوان البحث ، والفصل التطبيقي، متناولا الشرح الدقيق للحواس الخمسة ، من ناحية التوظيف وتأثيراتهم لسيل الأبداع في تجسيس اللوحة الفنية مستندا بالصورة المستعارة من قبل الشاعر.

و لخصت الخاتمة أهم النتائج التي توصل إليهما البحث مع قائمة لمصادر.

الكلمات المفتاحية: الجمالية، الحداثة، الحواس، الصورة الشعرية، الشاعر طيب جبار

# ڕەهەندی جوانی لەناو شیعرەکانی (تەیب جەبار)دا

**تارا ياسين حسين**

**فێرخوازی ماستەر بەشی کوردی**

**کۆلێجی پەروەردە- زانکۆی سەلاحەدین/ عێراق**

پوختە:

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ڕەهەندی جوانی لەناو شیعرەکانی تەیب جەبار)دا ، توێژینەوەیەکە لەسەر بنەمای ڕێبازی و( وەسفی / شیکردنەوەیی ) ئەنجام دراوە.

لێکۆڵینەوەکەش لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە:

بەشی یەکەم:
١- ڕەهەندی جوانی
٢- ژیانی تەیب جەبار
بەشی دووەم:

ناونیشـــانی تـــوێژینەوەکەی لەخۆگرتـــووە و بەشـــێکی پـــراکتیکیە و بە شـــێوەیەکی ورد بـــاس لە هەر پێـــنج هەســـتەکان کـــراون، چ لە ڕووی ڕۆڵ و کاریگەرییەکانیـــان لە ئەفرانـــدن، بـــۆ نەخشـــاندنی تـــابلۆیەك، وێـــنە خوازراوەکـــانی شـــاعیرە، پشـــت بەســـتن بە ئەو پێـــنج هەســـتانە لە بەرجەســـتەکردنیاندا، و لە کۆتـــایی لێکۆڵینەوەکەشـــدا هەمـــوو ئەو ئەنجامانەمـــان خســـتووەتەڕوو کە لە دوو تـــوێی تـــوێژینەوەکەدا پێـــی گەیشتووین، لەگەڵ خستنە ڕووی لیستی سەرچاوەکان.
جوانی.نوێبوونەوە .هەستەکان .وێنەی هەستی . تەیب جەبار

پیشەکی:

تەیـــب جەبـــار یەکـــێکە لەو شـــاعیرە کـــوردانەی کە (ئیســـتاتیکا) یەکـــی زۆر لە بەرهەمە شـــیعرییەکاندا هەیە و گرنگـــی پیـــداوە، لە ڕەهەنـــدێکی فـــرەوە بـــۆ جوانیـــدا، ئەمەش هۆکـــاری دەوڵەمەنـــدی دەقە شـــیعرییەکانیتی، و بـــۆتە جێـــی سەرنجمان و وەك بابەتێك بکەوێتە ژێر رکێفی لیکۆڵینەوەی ئەدەبیدا.

ئەم تـــوێژینەوەیە، پلانـــێکە بـــۆ خســـتنەڕووی وێـــنەی شـــیعری، واتـــە (وێـــنە هەســـتیەکان)دا کە لە میـــانەی ئەم تـــوێژینەوەیەدا بەســـەر دوو بەشـــی ســـەرەکی دابەش دەکرێت:

بەشی یەکەم:
١- ڕەهەندی جوانی
٢- ژیانی تەیب جەبار
بەشی دووەم:
١- جوانی هەستەکان لەناو شیعرەکانی (تەیب جەبار)دا
٢- وێنەی هەستەکان
- هەستی بینین (وێنەی بینین)
- هەستی بیستن (وێنەی بیستن)
- هەستی بەریەککەوتن (وێنەی بەریەککەوتن)
- هەستی چێژکردن (وێنەی چێژکردن)
- هەستی بۆنکردن (وێنەی بۆنکردن)

هۆکاری هەڵبژاردن:

بـــابەتی ڕەهەنـــدی هەســـتەکان، هەروەك بنەمـــا و زەمیـــنە ســـازییەك بـــۆ ژیـــانی ئەدەبـــی شـــاعیر لە ڕووی بەکارهێنـــانی هەســـتەکان وەك ئامرازێـــك بـــۆ ڕازانـــدنەوەی دەقە شـــیعرییەکانیدا، ئەویـــش بە پێـــی پێویســـت ئـــاوڕ لەو بەهـــا جوانانەنی لە ئاگایی ئەزموونی خودی شاعیر نەدراوەتەوە.
ســـەرباری ئەوەش، تـــا ئێســـتا بە تەواوی بە پـــوختی (ئێســـتاتیکا) لە ئەدەبیـــاتی کوردیـــدا وەك گرنگـــی و ڕۆڵ نەخـــراوەتە ڕوو، بـــۆیە هەڵبژاردنـــی ئەم تـــوێژینەوەیە بـــۆ پرکـــردنەوەی ئەم کەلێـــنەیە لە ناســـاندنی جـــوانی لە لای تەیـــب جەبار دا.
سنووری توێژینەوەکە:

ئەم تـــوێژینەوەیە بە گشـــتی لەســـەر دوو تەوەر پێکهـــاتووە، ســـەرەتا ژیاننـــامەی شـــاعیر تەیـــب جەبـــارە، وەك شـــاعیریکی نوێخـــواز، و پاشـــان لە دیـــاریکردنی هەریەك لە هەســـتەکان چ لە پێنـــاس و ئەرکیـــان لەنـــاو دەقە شـــیعرەکاندا بـــۆ نەخشاندنی وێنەیەکی شیعری زیندووی فرە ڕەهایی واتاییدا...

گرنگی و ئامانجی توێژینەوەکە:

بـــایەخی ســـەرەکی ئەم تـــوێژینەوەیە، خســـتنە روی (هەســـتەکان) وەك بنەمـــایەکی ســـەرەکی بـــۆ هەیکەلیەتـــی مەمـــلەکەتەکەی تەیـــب جەبـــار بـــۆ گەیانـــدنی پەیـــام و نیـــازی بە پۆشـــینی بە بەرگێکـــی واتهـــی فەرهەنگـــی نوێـــوە و لە خزمەتـــی ئەدەبیشدا.

میتۆدی توێژینەوەکە:
ئەو میتـــۆدەی کە لەم تـــوێژینەوەدا پەیڕەوکـــراوە، زیـــاتر میتـــۆدێکی شـــیکارییە، چـــونکە فـــاکتەری ئیســـتاتیکای دەقە شـــیعرییەکان (هەستەکان)ـــــە، وەك قەڵغانێـــك دیـــوی نـــاوەوەی دێـــڕە شـــیعرییەکانی دەپارێزێـــت، کە بـــوونەتە سروشـــتی ئەفرانـــدنی شاعیرانەی تەیب جەباردا.

## جوانی هەستەکان لەناو شیعرەکانی تە یب جبار دا

ســـەردەمی مـــرۆڤ و لایەنە جیاجیاکـــانی ژیـــانی مرۆڤـــایەتی لەنـــاو هەر کـــۆمەڵ و ژینگەیەکـــدا بێـــت، هەمیشـــە لە گـــۆڕان و پەرەســـەندنیکی بەردەوام بـــووە. گۆڕانەکـــان یەکـــلایەنە نـــابن و بگـــرە هەمەلایەنـــی ژیـــان دەگـــرنەوە، شـــیعر و ئەدەبیـــاتیش بێگومـــان لایەنێکـــی کـــاریگەری ژیـــانی مرۆڤـــایەتییە، بـــۆیە ئاشـــکرایە ئەم لایەنەش بەبـــێ گـــۆڕانی بـــاری ئـــابووری و سیاســـی و کـــۆمەڵایەتی و ڕۆشـــنبیری ســـەردەمییانە گـــۆڕانی بەســـەردا هـــاتووە، بە گشـــتی بەهـــۆی شۆڕشـــی پیشەســـــازییەوە کە لە ئەوروپـــــاوە هەڵگیرســـــا تەواوی گۆڕانکارییەکـــــان سەرتاســـەری بـــووە، واتە فـــاکتەربوون بـــۆ دروســـتبوونی کەش و هەوایەك لە لادان و زیادەڕۆیی و دڵەڕاوکێ لای شاعیران و ئەدیب و هونەرمەندان.

چەمکـــــــی نـــــــوێگەری دیــــــاردەیەکی شارســـــتانی و بزوتنەوەیەکـــــــی جیهـــانییە، (شـــیعریش بنچیـــنەیە، بە شارســـتانییەت بەســـتراوەتەوە ) (عبـــده بـــدوي: ٤٩: ١٩٨٧)،داینەمۆی ئەو بارودۆخەیە کە لە نێو ئەو وڵاتەدا سەر هەڵدەدات.

هەر چەنـــــد ئەم چەمـــــکە لە بنچیـــــنەدا و شـــــەیەکی لاتینیـــــیە و لە (modrus)ەوە هـــاتووە، کە واتهـــی شـــتێکی نەوەســـتاو دەگەیەنێـــت، ڕاســـت و دروســـتی بنەڕەتـــی ئەم چەمـــــکە لە وشـــــەی (modo)ەوە وەرگیـــــراوە، لە زمـــــانی عەرەبیشـــــدا هەردوو زاراوەی (تجدیــد – الحـــداثه) بەکاردەهێنرێـــت، کەچـــی لە زمـــانی کوردیـــدا چەنـــد زاراوەیەك بەکاردەهێنرێــــت، وەکــــو نوێخــــوازی، نوێبــــوونەوە، نــــوێگەری، تازەبوونەوە، تازەگەری....کە هەموویان بۆ یەك مەبەستە.

ئاشـــکرایە بـــابەتی شـــیعری نـــوێ لە میـــژووی ئەدەبـــی هەمـــوو نەتەوەکانـــدا هەیە، بە پێـــی ئەو شـــەپۆلە گـــۆڕانەی ڕووە و ژیـــانی گەل پەیـــدا بـــووە و لەبەر ئەوەی چـــامە کلاســـیکییەکان دەستەوســـان بـــوون لە تێرکردنـــی خواســـتی نەوەی نـــوێی نێونـــدە ئەدەبییەکـــان، هاوکـــات ڕۆمانســـییەکان گرنگیـــان بە نـــوێکردنەوە لە نـــاوەڕۆکی بەرهەمەکـــان داوە. شـــیعری نـــوێی کـــوردی لە فـــۆڕمە نوێیەکەیـــدا، پشـــت بە ئەفرانـــدنی شـــێوەی نـــوێ دەبەســـتێت، کە لە میـــانەی داهێنـــانی چەنـــد دەقێکـــی ئـــامێتەکراو بە خواســـتی کـــۆمەڵایەتییەوە بەرجەســـتە بـــووە) (ئـــازاد عەبـــدول واحیـــد کـــریم: ٩٤ : ٢٠٠٦). لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییـــانەی ژیـــان و گەشـــەپێدان و بەرەوپێشـــچوونی ئەدەبـــدا پەل و پـــۆلی هاوشـــێوە بـــوو بە نێـــو ئەدەبیاتـــدا لە پێنـــاوی ئەنجامـــدانی پرۆســـەی بەرهەمهێنـــانی دەقە ئەدەبییەکـــان بە شـــێوەیەك ڕووخســـاری دەرەوە و ئیســـتاتیکای فـــۆرم و شـــێوازی دەگـــرتەوە (ڕەخنەگرانـــان لەو ڕایەن، کە هـــۆنراوەکە ڕیتمێکـــی تـــایبەت بە خـــۆی دروســـت دەکـــات، کە لە سیســـتەمی جـــووڵە و پەیوەنـــدییەکان و ڕۆڵـــی پـــاڵەوان و دەنگـــی شـــاعیر لە پـــاڵ پـــاڵەوانەکە هەڵـــدەقوڵێت، شـــاعیر لە هـــۆنروەدا واز لە دوو (دێـــڕ) ئەهێنێـــت و (تەفعـــیلە) بەکاردەهێنێـــت، پاشـــان بە پـــێ سیســـتەمی جـــووڵە دابەشـــیان دەکات)،(ســـــامان عیـــــزەدین: ٨٥ : ٢٠١٠) ، چـــــونکە ئەوەش لە ئەنجامـــــدا کـــــــاریگەریی ئەو گۆڕانکارییـــــانەی لە ئەدەبیـــــاتی هەر نەتەوەیەك ڕەنگـــــی داوەتەوە و گۆڕانکـــاری تێـــدا دروســـتکردووە، بەو پێـــیە چەمکـــی شـــیعری نـــوێ شۆڕشـــێك بـــوو بـــۆ هـــونەری وێنەکێشـــان و موزیـــك و شـــیعر، بە تـــایبەتی شـــیعری ئـــازاد (Vers Liber) (شـــیعری ئـــازاد چـــوونە نێـــو ئەزمـــوونیکی جیـــاوازتر، ڕزگـــاربوونە لە قـــاڵبی کـــۆن و زمـــانی تـــاکێتی) ،(یوســـف نـــاوری: ٣٨ : ٢٠٠٦)، واتە بە کـــورتی، ئەو دیـــاردە و گۆڕانـــانەی بەســـەر ئەدەبیـــاتی کوردیـــدا هـــات بە گشـــتی و بە تـــایبەتی بەســـەر شـــیعردا هـــاتن، بریتـــی بـــوون لە ســـەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی ڕێبازی ڕۆمانتیکی و شیعری نوێی کوردی.

وێڕای فاکتەرەکان ڕاستەخۆ کاریگەرییان بەسەر گۆڕانکارییە نوێیەکەی ئەو سەردەمەدا دیار بووە. پاشان خودی و بابەتی هێنایە ئاراوە، ئەمەش لە شێوازی داڕشتنەوەی دەقی کلاسیکی نەدەکرد. ئاستی گەیاندنی پەیام و مەبەستی وەك ئەوەی لە چەمکی نوێکردنەوەدایە نەدەدا بە دەستەوە.

نوێکردنەوە لە بواری ئەدەبیاتدا بە پێی قۆناغ و سەردەمە جیاجیاکانی گۆڕانی بەسەردا هاتووە، چونکە لەهەر بارودۆخێکدا جیاوازییەکانی ئەدەب و شیعر بە تایبەتی هەوڵی گەیاندنی پەیامێکی تازە بە شێواز و تەکنیکی جیاوازتر لە ئەوەی پێشووتر دەدات، هەرچەندە لە بیروراکانی کۆن و نوێ بەرە ەمە ئەدەبییەکان دەبەستنەوە بە جۆری ئەو بابەتانەی ناوەرۆکی بەرهەمە ئەدەبییەکە، پێکدەهێنن و ڕادەی خۆ بەستەنەوەی بە واقیعی سەردەمەکەوە.

واتە داهێنان بکات (داهێنان واتە دروستکردنی شتێك کە پێش ئێستا نەبوو بێت و یەکەم جارێ بێتە کایەوە و دروستکرابێ، چێژ بەخش و سوودمەند بێت، مرۆڤ لە ڕێگای هەستەکانییەوە، ڕۆژانە و بەردەوام شت لە واقیعی سروشت وەردەگرێ)،( تەیب جەبار: ٧٠ : ٢٠١٩)

نوێکردنەوە لە بواری ئەدەبیاتدا بە پێی قۆناغ و سەردەمە جیاجیاکانی گۆڕانی بەسەردا هاتووە، چونکە لەهەر بارودۆغێکدا جیاوازییەکانی ئەدەب و شیعر بە تایبەتی هەوڵی گەیاندنی پەیامێکی تازە بە شێواز و تەکنیکی جیاوازتر لە ئەوەی پێشووتر دەدات، هەرچەندە لە بیروراکانی کۆن و نوێ بەرهەمە ئەدەبییەکان دەبەستنەوە بە جۆری ئەو بابەتانەی ناوەرۆکی بەرهەمە ئەدەبییەکە، پێکدەهێنن و ڕادەی خۆ بەستەنەوەی بە واقیعی سەردەمەکەوە.

نویکردنەوە لە بواری ئەدەبیاتدا بە پێی قۆناغ و سەردەمە جیاجیاکان گۆڕانی بەسەردا هاتووە، چونکە لە هەر بارودۆخێکدا جیاوازییەکان لە ئەدەب و شیعر بە تایبەتی هەوڵی گەیاندنی پەیامێکی تازە بە شێواز و تەکنیکی جیاوازتر لە ئەوەی پیشووتر دەدات. هەرچەند لە بیروڕاکانی کۆن و نوی بەرهەمە ئەدەبییەکان دەبەستنەوە بە جۆری ئەو بابەتانەی ناوەڕۆکی بەرهەمە ئەدەبیەکە پێکدەهێنێت و ڕادەی خۆبەستنەوە بە واقیعی سەردەمەکەیەوە..... لێرەدا بە ناچاری ئەو بابەتانەی کە لە ئەو بارودۆخانەدا هاتبوونە دونیاوە، پێویست بوو وەکو بەرهەمێکی دەقی ئەدەبی کە لە خۆیەتی و خۆی بگۆڕێت، سەر لەنوێ بەرگیکی تر لەبەر بکرێت، تا تەواوی پەیام و مەبەستی نوێ بدات بە دەستەوە و بە ڕاست و دروستی

ڕەنگپێدەرەوەی ئەو دۆخە بــاوە بێـــت و گوزارشـــت و نــاوەڕۆکی لێکــۆڵینەوەی شــیعری نــوێی کــوردی ڕەســەنایەتی خــۆی دژ بە کلاســیزم بپارێزێــت، واتە لە دەقی شیعری کلاسیکییەت جیاوازتر بێت و نوێیەتی خۆی بپارێزێت.

وەك هەمیشـــە بـــوونی کێشـــە و ململانێـــی چینـــی کرێکـــاران و جوتیـــاران لەگەڵ دەســـەڵاتدارانی دەرەبەگ هەبـــووە و بەردەوام بـــووە، کە هەمـــان بـــارودۆخ بە درێژایـــی مێـــژوو دووبـــارە بـــۆتەوە، چەنـــدەها جـــار یەخەی تـــاکی کـــوردی گرتـــووە، وەك شـــاعیرانی نـــوێکەرەوەی ئەدەبـــی کـــوردی و (تەیـــب جەبـــار)یش ئەو نارەحەتییانەیـــان چەشـــتووە و لە شـــیعرەکانیاندا ڕەنگیـــداوەتەوە. پـــێ وایە (هـــونەر بە گشـــتی کـــۆمەڵێ بنەمـــا و ڕەگەزی بنەڕەتـــی هەیە کە پێـــی دەوتـــرێ (زانســـتی جـــوانی) هەمـــوو لقێکـــی هـــونەریش کـــۆمەڵێ بنەمـــا و ڕەگەزی بنەڕەتـــی تـــایبەتی خـــۆی هەیە، جـــگە لە بنەمـــا و ڕەگەزی گشـــتی هـــونەر، شـــیعریش یەکـــێکە لە لقەکـــانی هـــونەر، کـــۆمەڵێ بنەمـــا و ڕەگەزی بنەڕەتـــی هەیە پێـــی دەوتـــرێ زانســـتی جـــوانی شـــیعر، ئەو بنەمـــا و ڕەگەزە بنەڕەتیـــانەش نەگـــۆڕن بە نیســـبەت شـــیعرەوە، پەیـــڕەو نەکردنـــی میهـــر دروســـت دەکـــات) (تەیـــب جەبـــار: ١٥ : ٢٠١٩). کەڵەکە بـــوونی ئەو هۆکـــار و فـــاکتەرانە کاریگەرییـــان بەســـەر هونەرمەنـــدان و ڕوونـــاکبیرانی کـــورد لە هەمـــوو ســـات و کاتێکـــدا دیـــارە، بـــۆیە (تەیـــب جەبـــار) وەك هەر شـــاعیرێکی کـــورد ڕووی خـــامەکەی کـــردۆتە ئەو نارەحەتییـــانەی کە کـــورد تووشـــی بـــووە، لە هەمـــان کاتـــدا ئەمە پێویســـتییەك بـــووە کە دەبـــوایە نووســـەر و شـــاعیرانی ئەو ســـەردەمانە قســـە و باســـیان لەســـەر ئەو بابەتـــانە بێـــت. هەرچەنـــدە (کێشـــەی نێـــوان کـــۆن و نـــوێ پەیوەنـــدییەکی پـــتەوی بە مەســـەلەی نـــوێکردنەوەی شـــیعرەوە هەیە، چـــونکە ئەو کێشـــەیە لە ئەنجـــامی ئەو گۆڕانکارییـــانەوە دروســـت دەبێـــت کە شـــاعیرانی بەســـەر ڕەگەزە کۆنەکـــانی شـــیعریدا دەهێـــنن چ لە ڕووی شـــێوەی هـــونەرییەوە بێـــت چ لە ڕووی ناوەڕۆکەوە)،( پەرێز سابیر: ٢١٤ : ٢٠٠٦).

ڕوونە جیـــاوازی کـــۆن و نـــوێ لە مێـــژە لای شـــاعیرانی یۆنـــان و ڕۆمـــانەوە بەدی کـــراوە، ئەریستۆڤانســـی یۆنـــانی دیـــارترین شـــاعیری ئەو ســـەردەمە، کە لە ســـەدەی پێنجەمـــی پ.ز ژیـــاوە، چەنـــدەها شـــانۆگەری لە دوای خـــۆی بەجێهێشـــتووە، بە تـــایبەتی (بۆقەکـــان)، کە نووســـەر گرنگـــی بە مەســـەلەی کـــۆن و نـــوێ داوە، دیـــارە ئەریســـتۆڤانیس لە نێـــو شـــانۆگەرییەکەیدا، کە لەســـەر بنەمـــای گفتوگـــۆی نێـــوان (ئەســـخیلۆس) و (یۆرپیپیـــدس) دەدوێـــت، شـــیعرەکانی ئەســـخیلۆس باســـی چـــاکە و باشـــی خواوەنـــد دەکـــات و پەســـەندکراوە، هێـــرش دەکـــاتە ســـەر یۆرپیپیـــدس، چـــونکە لە پیـــرۆزی خواوەنـــدەکانی کەم دەکـــردەوە، کەواتە هێمـــا بـــۆ هەردووکیـــان دادەنێـــت، لای ئەریســـتۆڤانیس (کـــۆن و نـــوێ) لە ڕێـــگەی پشـــتگیریکردنی ئەســـخیلۆس و پەســـەندکردنی شـــیعرەکانیەوە خـــراوەتەڕوو، بەڵام

لە پەیڕەوکردنــــی شـــیعری کۆنـــدا چـــونکە یاســـا بـــووە، شـــاعیران پەیـــڕەوی کۆنیـــان کـــــردووە و دەبـــوایە شـــاعیران خۆیـــان ببەســـتنەوە بەو ســـنوورەی بۆیـــان دانـــراون. کەچـــی یۆریپیـــدس بـــۆ ئـــازادی ڕادەبـــڕین هەوڵیـــداوە خـــۆی لە ئەو کـــۆت و بەنـــدانە ڕزگـــــار بکـــات، دوو لایەنـــــی جـــــودا، دوو بۆچـــــوونی (کۆن/نـــــوێ) لە بەرهەمە ئەدەبییەکــــانیی بەرجەســــتە بکــــات. ڕەنــــگە لەگەڵ ئەوەی ســــەرەتایەك بــــۆ ئەو جیاکــــارییە دیــــاری بکرێــــت، هەرچەنــــدە ڕاوبۆچــــوونی جــــودا هەن، کە ئەو جیاکـــارییە لەســــەر بنەمـــای (کـــات) یـــان (نـــاوەڕۆکی) بابەتەکـــانەوە، بپێـــورێن بەمەش بە قۆنـــاغێکی دیـــاریکراوی مێـــژوو دەبەســـترێتەوە، چـــونکە تێبینـــی ئەوە دەکەیـــت، کە کـــات، لە کۆنـــدا پێـــوەری پـــۆلێنی نـــوێ و کـــۆن بـــووە، بـــۆیە (بەســـتەنەوەی هەمـــوو شـــاعیرێك بـــێ جیـــاوازی ســـەردەم و کـــات لایەنـــی مـــاوەی دیـــاریکردنی نێـــوان کـــۆن و نـــوێیە، بە بـــێ ئەوەی هـــیچ ڕەگەزێکـــی دەقـــی یـــان زانیـــاری هەبێـــت، دەلالەت لە ئەو مـــاوە جیاکـــارییە بدات)،(محمـــد بنـــیس: ١٦ : ٢٠١٤)،هەنـــــدێکی تـــــر لەو بیروبـــــارەڕانە (کۆن/نـــــوێ) بەرهەمە ئەدەبییەکـــــان خۆبەستنەوەیانە بە واقیعی سەردەمیانەوە.

## ژیانی تەیب جەبار

ئەنـــدازیار تەیـــب جەبـــار، شـــاعیر و ڕەخنەگـــری ئەدەبـــی کـــوردی لە ســـاڵی (١٩٥٤) لە گونـــدی (تەپەڵـــوو)ی پارێزگـــای کەرکـــوك هـــاتۆتە دونیـــاوە. جێـــی باســـە شـــاعیر خـــۆی هەمیشـــە ئامـــاژە بەوە بکـــات، کە لە خێزانێکـــی هەژار و نەخوێنـــدەوار، بەڵام جێـــی شـــانازییە کە دایـــك و بـــاوکی هەمـــوو کـــات هانـــدەر بـــوونە بۆیـــان، تـــا بەردەوام بـــن لە خوێنـــدن. لە کاتێکـــدا تـــا پـــۆلی پێنجەمـــی ســـەرەتایی هەر لە گونـــدەکەی دەخوێنێـــت، دوتـــر بە ناچـــاری لە میـــانەی تێکچـــوونی بـــارودۆخی سیاســـی ئەو کـــاتە ڕوو لە کەرکـــوك دەکـــات و دانابڕێـــت لە پرۆســـەی خوێنـــدنی تـــا لە ســـاڵانی (١٩٦٣ – ١٩٧٢) قۆنـــاغی ســـەرەتایی تـــا ئامـــادەییش بە زمـــانی عەرەبـــی تەواو دەکـــات. هەر لە ناوەڕاســـتی شەســـتەکاندا ئاشـــنایی دەبێـــت لەگەڵ ڕۆژنـــامە و گۆڤارەکـــانی ئەو کـــاتەدا، وەك گۆڤارەکـــانی (الصـــياد/ المصـــور/ روز اليوسف/ آخر ساعة/ الشبكة/ الموعد/.......هتد) و ڕۆژنامەی (التآخي).

تەیـــب جەبـــار نـــاوێکی دیـــارە لە ئەدەبـــی کوردیـــدا، هەر لە گەنجیـــنەوە لەگەڵ شـــیعردا ئاشـــنا بـــووە، لە ســـەرەتایی ســـاڵی (١٩٧٠) دەســـتی بە شـــیعر نووســـین کـــردووە، واتـــە لە میـــانەی تێپەڕبـــوونی بە نێـــو ئـــاپۆرای ڕۆشـــنبیرییە و مەلەکردنـــی بەنـــاو دەریـــایی ئەدەب و هـــونەردا، ڕۆژ بە ڕۆژ، تەســـلیمی شـــیعری پەنجەکـــانی شـــاعیری بەرەو خـــامەی شـــیعرییەت ڕادەکێشـــا و تـــا وای لێهـــات وەک کـــۆرپەیەکی شـــیرەخۆرە ئـــالودەی نووســـین بێـــت، و ئەوەمـــان بـــۆ ڕوون دەبێـــتەوە کە شـــاعیر لە ژێـــر کـــاریگەری بەرهەمـــی شـــاعیر و نووســـەرانی

عەرەبیدا بووە، وەك دەستپێكی لە نووسین و شیعردا بەرهەمەكانی بە زمانی عەرەبی بووە، بە تایبەتی لە ساڵانی ١٩٦٩/١٩٦٨، پاشان ڕووی خامەكەی بە ئاراستەی كوردێتی بوونی بەرهەمەكانی دەكات، لە نووسینی هۆنراوەی تازە (نوێ) بۆ نێو جیهانی ئەدەبیات، واتە بە وشەی پەتی كوردی ڕەسەن دەیڕەنگێنێت و زیاتر شێوەی ستوونی بووە، بەڵام ڕایەڵەی ئەدەبی كلاسیكی هەر كاریگەری هەبووە و لەناو دەقە شیعرییەكانی دا دیار بووە، لە ساڵی (١٩٧٣) پەیوەندی بە ئەڵقەی ڕۆشنبیری كۆمەڵەوە كردووە تا ساڵی (١٩٧٤)، پێش ئەوەی پەیوەندی بە شۆڕشەوە بكات، بوو بە ئەندامی كۆمەڵەی ماركسی – لینینی كوردستان.

كەچی لە نێوان ساڵانی (١٩٧٠ – ١٩٧٤) گۆڕانێكی زۆری بەخۆوە بینی چ لە باری سیاسی و چ ڕۆشنبیری، چونكە لەناو كۆمەڵگای كوردی بەتایبەتی لە باشووری كوردستاندا بێ گومان لە دەرەنجامی ئەو گۆڕانكارییانە ڕەنگ پێدەرەوەی لەناو دەقە هونەرییەكان بە دیار كەوتوون.

وێڕای دەرچوونی ژمارەیەكی زۆر لە ڕۆژنامە و گۆڤاری ئەو كاتەدا وەك (بەیانی ١١ ئازاری ١٩٧٠/ بەیان / ڕۆشنبیری نوێ/ نووسەری كورد/ برایەتی/.....هتد)، وەك ئەم هۆنراوەی تەیب جەبار لە فەوتان رزگاری بووە، بە ناوی (كرێوەی هەورێكی تینوو) لە ساڵی ١٩٧٢ نووسیووە، لە ژمارە (٣٢)ی ڕۆژنامەی برایەتی لە ١٩٧٣/١/٤ بڵاوی دەكاتەوە و دەڵێت:

خۆشەویستم

لە بارەگای بێ هەستی شار
فڕۆكەكانی هەڵبەستم
بۆمبای یاخی بوونی هەستم
دەهاوێژن
بەناو دەربەندی تاریكی دڵتا.....گری
فریشتەی شۆڕش.....دەڕێژن

لە سەرەتایی ساڵانی حەفتاكانەوە نووسینی شیعر بە تەواوی لق و پۆپی بە تەواوی جیهانی شاعیری تەنیووە، بەشێكیانی لە مینبەر و كۆڕ و كۆبوونەوەكانی پێشكەش كراون، سەرەتا وەك دەستنووسێكی تایبەتی شاعیر بوون و فەوتاون، بەڵام ئەوەی جێی دڵخۆشییە دواتر بەشێكیان بڵاوكراونەتەوە، یان تۆمار كراون، وەك هۆنراوەی (تەقینەوەی زامێكی

خەوتـــوو) لە (١٩٧٤/٢/١٨) لە ئـــاهەنگی یـــادی دامەزرانـــدنی یەکێتـــی قوتابیـــانی کوردستان لە زانکۆی سلێمانی خوێندرایەوە، دەڵێت:

مەپرسن: بۆ وڵاتین؟!
مەپرسن: بۆ لوتکەی ئازارا بەندین؟!
مەپرسن: بۆ سەر ناکەوین؟!
چونکە ڕوخێنەری تەلاری یەکێتین
چونکە خنکێنەری کاروانی هەڵمەتین
سوتێنەری......

- بە تەواوی لە نێو هۆنراوەکەیدا ڕوون و ئاشکرایە وەك پەیامەکەی و دەڵێت:

دەڕۆم و ....... هەواڵێ دێنم
پێڵوی چاوی ئەم دەریایە....هەڵباتەوە
وەك بورکان....
شەپۆلەکان ڕاپەڕێنێ
دەڕۆم و ..... بارانێ دێنم
تینوێتی ئەم بیابانە لە ڕەگ دەربێنێ
ئاڵای بەهار
لەم شارەدا هەڵکاتەوە

بێگومـــان کـــۆمەڵە خـــاوەن ڕێکســـختنێکی بەهێـــز و پـــتەوە، بەتـــایبەتیش لەو ســـەردەمەدا، کـــۆمەڵە بە بەرنـــامەیەکی بەرفـــروان بـــۆ پێگەیانـــدنی ئەنـــدامانی بە ئاســـتێکی ڕۆشـــنبیری تـــۆکمە بـــوو. تەیـــب جەبـــاریش هەروەك ئەنـــدامێکی کـــۆمەڵە ئاگـــاداری کتێبەکـــانی (مـــارکس، ئەنگلـــس، لینـــین، ســـتالین، ماوتســـیتۆنگ و گـــیم تیـــل ســـونك) بـــووە. تەنـــانەت ئەو کێشـــانەی دەربـــارەی شـــۆرش و شۆڕشـــگێران بـــوو، بە تـــایبەتیش شۆڕشـــەکانی (فەلەســـتین و کوبـــا، ڤیەتنـــا و ئەمریکـــای لاتـــین) وێـــڕای ئەوە نووســـراوەکانی (هـــۆش مـــنە، منیـــر شـــفیق، جـــزال جیـــاب و نـــاجی عەلـــوش)ی خوێنـــدۆتەوە، چـــونکە شـــارەزاییەکی باشـــی زمـــانی عەرەبـــی بـــووە و ئاگـــاداری بـــارودۆخی وڵاتـــانی تـــری عەرەب بـــووە، وەك ئەوەی لە گۆڤـــاری (الهـــدف)ی فەلەســـتینی و ئەدەبیـــاتی تـــری مارکســـی خوێنـــدۆتەوە و ڕاســـتەوخۆ کاریگەرییـــان لەســـەر دەســـت و خـــامەی شـــاعیر تەیـــب جەبـــار دیـــارە. تەنـــانەت نـــامیلکەی (ماوتســـیتۆنگ)ی وەرگێـــڕاوەتە ســـەر زمـــانی کوردی و بڵاوکردۆتەوە.

پاشـــــان لە ســـــاڵی (١٩٧٦) بڕوانـــــامەی بەکـــــالۆریۆس لە زانکـــۆی ســـلێمانی لە بـــواری ئەنـــدازیاری بە دەســـتهێناوە، هەرچەنـــد تەیـــب

جەبـــار ســـەرەڕای نەهامەتییەکـــانی و گـــوزەرانی ژیـــانی وەك كوردێـــك ئەســـتەم و پـــڕ ناخۆشـــی بـــووە، چـــونكە هەر لە منـــداڵییەوە بەهـــۆی براكـــانییەوە تێكەڵـــی ژیـــانی سیاســـی دەبێـــت، چـــونكە براكـــانی ئەنـــدامی حیزبـــی شـــیوعی بـــوونە، هاوكـــات شـــوێنی كاركردنیـــان كە چاپخانەكەیـــانە و بژێـــوی ژیانیـــان لـــێ پەیـــدا دەكـــرد، وەكـــو بارەگـــایەكی حیزبـــی لێهـــاتبوو، هەر لێـــرەدا تەیـــب جەبـــار چـــاوی بە دونیـــای سیاســـەت و ڕۆشـــنبیری كـــرایەوە، چونكە لەوێ بە ڕۆشنبیران و نووسەران ئاشنا دەبێت.

هاوكـــــات لە ســـــاڵی (١٩٨٤) ژیـــــانی هاوســـــەرگیری پێكـــدەهێنێت و دیســـان بـــێ بەش نابێـــت لە ئەوەی تەنیـــا تـــاوانی كە كـــوردە دژایەتـــی بكرێـــت، بـــۆیە بە ناچـــاری لە ســـاڵی (١٩٨٧) لە خـــوارووی عێـــراق دامەزرا، دەبـــووایە لە كەركـــوك بـــوایە، بەڵام تێكچـــوونی دۆخـــی سیاسی بەرەو ئاڕاستەیە بردی.

ئەویـــــش لە بەڕێـــــوەبەرایەتی ڕێگاوبـــــان لە ســـــلێمانی دادەمەزرێـــت، بەردەوام دەبێـــت لە كـــار و چالاكییەكـــانی وەك كـــوردیكی دڵســـۆز لە هەر شـــوێنێكی كوردســـتان بێـــت، بـــۆیە لە ١٩٩٢/٤/٢٧ واتە لە دوای ڕاپەڕیـــــنە مەزنەكەی 3/5 بەهـــــارە (١٩٩١)دا لەگەڵ كـــــۆمەڵێ هەڤـــاڵی تـــر ڕێكخـــراوی یەكێتـــی ئەنـــدازیارانی كورســـتان دامەزرانـــد. بێگومـــان هەر لەگەڵ دەســـتپێكی ڕێكخـــراوەكەدا وەكـــو جێگـــری ســـەرۆكی یەكێتـــی ئەنـــدازیارانی كوردســـتان بـــۆ مـــاوەی ٩ ســـاڵ هەڵـــدەبژێریت، هاوكـــات هەر لەگەڵ تەواوكردنـــی خـــولی یەكەمـــی كـــاركردنی لە خـــولی دووەمیـــدا وەكـــو ئەنـــدامێكی چـــالاكی ڕێكخـــراوەكە بـــۆ مـــاوەی ٢ ســـاڵی تـــر بە ســـەرۆكی ڕێكخـــراوەكە هەڵـــدەبژێرێت، هەســـتی نەتەوایەتـــی ڕەگ و ڕیشـــەی لە نـــاخی تەیـــب جەبـــاردا داكـــوتراوە، بـــۆ خزمەتكردنـــی كوردســـتان، پاشـــان لە كـــابینەی حكـــومەتی هەرێمـــی كوردســـتان لە نێـــو ســـاڵانی (١٩٩٢ – ١٩٩٦) دەبێـــت بە بریكـــاری وەزارەتـــی ئەشـــغال و نیشـــتەجێكردن لە هەولێـــر، پاشـــان بە هـــۆی دۆخـــی دوو ئیـــدارەیی لە هەرێمـــی كوردســـتان لە ســـاڵی (١٩٩٧) واز لە كـــاری حكـــومی دەهێنێـــت و لەســـەر ڕاســـپاردەی خـــۆی خانەنشـــین دەبێـــت. پاشـــان ســـەرقاڵی پیشـــەی ئەنـــــدازیاری دەبێـــــت و نووســـــینگەی ئەنـــــدازیاری لە ســـــلێمانی دادەمەزرێنێـــت، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێـــت كە لە جیهـــانی شـــیعر و ئەدەبیـــات دابڕابێـــت، بگـــرە زیـــاتر كـــات بـــۆ خـــامەكەی تەرخـــان دەكـــات و لە خزمەت كردن بە ئەدەب و شیعری كوردی بەردەوام دەبێت.

بەرهەمەكانی تەیب جەبار:

١-كۆمەڵە شیعری یەكەم، بە ناوی (لاواندنەوەی خۆڵەمێش) ٢٠٠٨

٢-كۆمەڵە شیعری دووەم، بە ناوی (ئەو ڕۆژەی من دەمرم) ٢٠١٠

٣-کۆمەڵەی سێیەم، بە ناوی (ئەو شیعرانەی ئاوڕ بۆ پێشەوە دەدەن) ٢٠١١

٤-سەرجەم بەرهەمە شیعرییە لە چاپدراوەکانی ساڵی ٢٠١٥ لە دیوانێکدا کۆی کردۆتەوە بە ناوی (سەردەمانێ....تاریکی سپی بوو).

٥-دوو کۆمەڵ شیعریی لە لایەن عەبدوڵلا تاهیر بەرزنجی وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی، کە بە ناونیشانی (ذات الزمان/ الضلام کان آبيض) لە ساڵی ٢٠١٠ لەگەڵ (قصائد تلتف الى الآمام) ساڵی ٢٠١٢ و لە خانەی الغاوون لە بەیرووت چاپکراون.

٦-کۆمەڵە شیعرێکی وەرگێڕدراوە بۆ سەر زمانی ئینگلیزی لە لایەن محەمەد حسێن ڕەسول بە ناوی (The Dayl Libedywg) ساڵی ٢٠١١ لە دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم چاپکراوە.

٧-لە ساڵانی ١٩٩٢ – ١٩٩٧ چەندین بابەتی لە بواری ڕەخنە ئەدەبی نووسیوە.

٨-بەشداریکردن لە پرۆژەی کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی دەستنووسی شاعیرانی ونبووی شاری کەرکووك بە ناوی (شاعیرانی کەرکوك) کە تا ئێستا سێ بەرگی لێ چاپکراوە.

٩-چەندین بەرهەمی شیعری هەیە کە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاویکردۆتەوە، بەڵام تا ئێستا لە دووتوێی کتێبێکدا چاپنەکراون. هاوکات شاعیر بە نیازە دیوانی چوارەمی بڵاوبکاتەوە.

١٠-چەندین وتاری ئەدەبی هەیە، کە لە دووتوێی کتێبێکدا بەناوی (گەڕان بە دوای ئیقاعی وشەدا) لە ساڵی ٢٠١٠دا بڵاوی کردۆتەوە،ساڵی ٢٠١٥ بۆ دووەمجار چاپکراوەتەوە.

١١- دوایین بەرهەمی چاپکراوی تەیب جەبار بەناوی (مشتێك پەپوولە)یە کە لە ساڵی ٢٠١٩ چاپکراوە.

## جوانی هەستەکان لە شیعرەکانی تەیب جەبار

هەر لە سەردەمی چاخی بەردینی کۆنەوە، شیعر لەسەر چۆنێتی شێوەکاری و وێنەگرتن ڕاوەستاوە. شیعر هونەری زمانە، گەوهەری جوانییە، شیعر دەربڕینی هەست و نەست و سۆزی ئەندێشەیی پەنگخواردووی ناخی شاعیرە، کە لە جەستەی دەقێکی شیعریدا بەرجەستە دەبێت، کاتێك خوێنەر ئەو شیعرانە دەخوێنێتەوە کە لە هەست و ئەندێشە و زمانێکی هونەرییەوە بەرهەمهاتووە، چێژێکی نەبڕاوە وەردەگرێت. هاوکات وێنەکانی ئەو دیمەن و ڕووداوانەی کە شاعیر مەبەستێتی بەرچاو و مێشکمان وەك کورتە فیلمێك

گوزارشـــتکردنەکە گفتوگـــۆ دەکـــات، چـــونکە شـــیعر ئەو تیشـــکە تەلیســـماوەی جـــوانی سروشـــتە، چ بە باشـــی و چ خراپـــی، (گومـــان لەوەدا نیـــیە هەمـــوو شـــیعرێ خـــۆی لە خـــۆیەوە وێـــنەیەکە یـــان چەنـــد وێنەیەکـــی تـــێکەڵاو بە یەکـــن، ئەوەشـــیان دوای ئەوەی کە لە ســـتۆدیۆی دڵـــی شـــاعیر شـــۆراوەتەوە و پەڕیـــوەتە ســـەر کـــاغەز و ئینجـــا گۆڕانکاییەکـــانی تـــری هـــونەری و جوانکاری بەسەردا تێپەڕیوە.) [هاوژین سڵێوە عیسا: ٦١ : ١٩٧٩].

شـــاعیریش هەر لە کـــۆنەوە لەســـەر بنەمـــای ســـەرچاوەی شـــیعرییەوە خـــاوەن ئەرکە و ڕوونـــی وێنەکـــانی لەســـەر بنچیـــنەی و تێکچـــوونی نێـــوان لێکچـــوون و لێچـــوو و هۆکـــاری ئەو لێکچوانـــدنە دروســـت بـــوونە. (هونەرمەنـــدان بە ڕوونـــی زیـــاتر پاڵپشـــتی لە (چێـــژی خـــودی) دەکەن، ئەوەیە کە پابەنـــدبوونی دەرەکـــی پـــێ کەم دەکـــاتەوە)،(کولن ولســـن: ١٣٥ : ١٩٨١).

شـــــاعیرە نوێخوازەکـــــانیش هەوڵیـــــان داوە لە بەرکارخســـــتنی زمـــانێکی پـــاراوی ئاســـتی بەرزی بەســـوود و بەکارهـــاتوو، نەك زمـــانێکی ئاســـایی کە نـــاتوانرێ بگـــاتە ئەو ئاســـتی گوزارشـــتکردنە شـــیعرییەی کە شـــیعرییەتی تێـــدا زەق دەبێـــتەوە، بـــۆیە ناچـــار پەنـــا دەبـــاتە بەر زمانێـــك کە توانـــای هەبێـــت بـــدوێ، زمانێـــك وەك زمـــانی وتـــاری گەیانـــدن تـــا لە ئەنجامـــدا پەیـــامەکەی بگەیەنێـــت، کە ئەمەش زمـــانی دەرەوەی شـــیعرە، بـــۆیە زمـــانی شـــیعر پەیـــام و مەبەســـتی بە شـــێوەی ناڕاســـتەوخۆ و تەڵـــخ دەردەبڕێـــت نەك شـــێوەی گوتـــاری و بەیـــانی ئاشـــکرا. (لە هەمـــان کاتیشـــدا دەبێـــت لە هەر دەقێکـــی شـــیعریدا هاوتەبـــایەتی تەواو لە نێـــوان فـــۆرم و ناوەرۆکـــدا هەبێـــت، کە پـــێکەوە بونیـــاتێکی هـــونەریی یەکگرتـــوو دروســـت بـــکەن و هەریەکەشـــیان ڕەنگـــدانەوەی بەســـەر ئەوەی تـــرەوە هەبێـــت) ،(ئـــازاد عەبدولواحید کەریم: ٩١ : ٢٠٠٦).

چـــونکە شـــیعر سیســـتمی شـــاعیر تەیـــب جەبـــاریش هەروەك هاوڕێیـــانی نوێخـــوازی کـــاری لەســـەر بنەمـــای ئەدەبـــی بەجێگەیانـــدووە بە تـــایبەت لە جوانکـــاری بەکارهێنـــانی هەســـتەکان بە پێویســـت، لێـــرەدا ســـوود دەبیـــنم لە شـــرۆڤەکاری ئەم هـــۆنراوەیەی کە هەر کـــۆپلەیەکی پێناســـی بەشێك لە ئەندامی جەستەی دەقی شیعریی هەستەکان دەکات و دەڵێت:

وریابە!<br>
نەهێڵێ ئەو بایە...<br>
بچەمێتەوە<br>
ڕێگای هاتوچۆمان لێدەگرێ<br>
وریابە!<br>
نەهێڵی ئەو ئاوە...

خەوی لێکەوێ
دوایی خەونی بۆگەن دەبینێ.
وریابە!
نەهێڵی ئەو ئاگرە...
زۆر ببرژێ
ڕەش دەبێ و....
بۆمان ناخورێ.
وریابە!
نەهێڵی ئەو خۆڵە..
بۆن بگرێ
تەرازووی زەوی تێکدەچێ
وریابە!
نەهێڵی ئەو شیعرە.....
بپژمێ
پەتای زمانەوانی...
بڵاو دەبێتەوە

جـــــوانی هـــــۆنینەوەی هـــــۆنراوەی (وریـــــابە!) بە بەکارهێنـــــانی هەر پێـــــنج هەســـــتەکان لە یەك تـــــابلۆی هونەریـــــدا بەرجەســـــتەکراوە، کە پێکهـــــاتوون لە هەستەکانی:

- هەستی بینین (با/ بچەمێتەوە)
- هەستی بەرکەوتن (ئاو/ خەوی لێبکەوێ)
- هەستی چێژتن (ئاگر/ ببژێ)
- هەستی بۆن کردن (خۆڵ/ بۆن بگرێ)
- هەستی بیستن (شیعر/ بپژمێ)

لە کـــــۆکردنەوەی ئەم توخمـــــانە لە شـــــیعرەکە، دەلالەتـــــی شـــــیعری لە کـــۆکردنەوەی وشـــەکان (بـــا / ئـــاو / ئـــاگر / خـــۆڵ) بەرامـــبەر بە گەیانـــدنی مەبەســـت و پەیـــامی لە (شـــیعر) لە وێنەیەکـــی فـــرە ڕەهەنـــدی بـــۆ خـــوێنەت دەداتە بەردەست.

## وێنەی هەستی

لە ســـــــەرەتاوە ڕەخنەگـــــــران و ڕەوانبێژانـــــــی کـــــــۆن و نوێخـــوازان بایەخیـــان بە وێـــنەی هەســـتی داوە، چـــونکە ئەم جیهـــانە پـــڕە لە

ســـەیر و ســـەمەرەی جیـــاواز، هەســـتەکانیش بەهێزتـــرین ئـــامرازی شـــاعیرن بـــۆ هـــۆنینەوەی وێـــنە شـــیعرەکانیان، لە دەربڕینـــی هەســـت و ســـۆزیان ســـــەبارەت بە شـــــتەکان، واتـــــە وێـــــنەی هەســـــتی هەر شـــــاعیرێك بەرپەچـــــدانەوەی نـــــاخێتی لە ئـــــاوێنەی دڵ و دەروونـــــی دا، لە بـــــارێکی ڕاســـتگۆیی و ئەندێشـــەییدا کارلێـــك دەکەن، لە ئاکامـــدا هەســـتی شـــاعیرانە گەڵاڵە دەبـــێ لە کردەوەیەکـــی هونەریـــدا، بەشـــێك کە ئەو شـــتە مادییـــانە بەکاردەهێنێت و وێنەیەکی شیعری جیاوازی لێ دروست دەکات.

شـــاعیر لە ڕێـــی هەســـتەکانییەوە بەو وێنـــانە ئاشـــنا دەبێـــت، وێنەکـــانیش بەوە ناســـراو و دیـــارن کە گوزارشـــت لە ئەزمـــوونێکی هەســـتی شـــاعیرانە دەکەن، لە میـــانەی هەســـتەکانی (بینـــین، بیســـتن، چێـــژتن، بـــۆنکردن و بەرکەوتـــن) دەگـــوازرێنەوە، (جـــگە لەمەش ئەفلاتـــون دانـــی نـــاوە بە بـــوونی هەنـــدێك نمـــوونەی وێنەکـــان کە جـــودان لە جیهـــانی هەســـتدا) ،(کریشـــــنا دانکونـــــا: ٢٧ : ٢٠١٤). کەواتە هەســـــتەکان دەروازەن لە گەیانـــدنی (شـــاعیر) و ژیـــنگەدا و ســـەرچاوەی یەکەمـــن لە بونیاتنـــانی ڕەهەنـــدی جـــوانی وێنەکـــان، شـــاعیر لە پەنـــجەرەی شـــیعریدا بە تەلەســـکۆبەکەی دەڕوانێـــتە ژیـــان، واتە وێـــنەی هەســـتی پەیوەســـت بـــوونی شـــاعیرە بە جیهـــانی دەرەوە. چـــونکە شـــیعر ئەو خـــاڵە بەهێـــزەیە و گەیەنەری ئیحـــا (ســـروش)ە، لە بیـــری نـــوێ، نەوەك بەشـــێوەی ڕاســـتەوخۆ بێـــت، هـــاوکۆکی هـــزری نیـــیە، کە ســـەرقاڵی پرۆســـەی ئەندێشـــەییەکەی بونیـــاتی خـــاڵی چەق بەســـتووەکانی و پێکهێنـــانی ڕەهەنـــدەکانیەتی، تـــا دەمـــانگوازێتەوە بـــۆ جیهـــانی ئەندێشـــەیی، ئەندێشـــەش وەك ئامرازێـــك بـــۆ دووبـــارە زینـــدوو کـــردنەوەی وێنەکـــان ڕۆحیـــان لەبەر دەکـــات و(چـــونکە خەیـــاڵ پێکهـــاتەیەکی ســـەرەکی شـــیعرە)،( دڵشـــاد عەلـــی مـــحەمەد: ١٩ : ١٩٩٦). دەیانخـــاتە جـــووڵە و ســـەماکردن بە وێـــنەی نوێـــوە، چـــونکە هەریەك لە ئەو هەســـــتانە ڕۆڵ و کـــــاریگەری تـــــایبەتی خۆیـــــان هەیە، کەواتە ئەندێشـــەیە کە وێـــنەی شـــیعری دروســـت دەکـــات، چـــونکە (بـــۆ هەر هەســـــتێك لە هەســـــتەکانمان توانـــــای وەرگرتنـــــی مەودای گونجـــــاوی و نەگونجاوی (دژیەکی) هەیە) ، ( برهان یحی: ١٩٩ : ١٩٩٨).

شـــاعیر تەیـــب جەبـــار ئەنـــدازیارانە و هونەرمەنـــدانە هەنگـــاو بە هەنگـــــاو، وشـــــە بە وشـــــە بەرهەمە هـــــونەرییەکەی دەهـــــۆنێتەوە و لە تـــــابلۆیەکی نەخشـــێنراوی زینـــدوو، کە توانـــای ئەندێشـــەکردنی هەبێـــت، بەشـــێوەیەك بەرجەســـتە کرابێـــت لە ئاســـتی وەرگـــر، (چـــونکە ئیســـتاتیکای هەر دەقێکـــی ئەدەبـــی لە تەموژییەکەیـــدایە، هەروەهـــا گەڕانـــی خـــوێنەرە بە دوای مەبەســـــتە شـــــاراوەکانی نووســـــەر، کە جـــــۆرە جـــــوانییەك بە دەق

دەبەخشێت، وێڕای ئەوەی کە جۆرە چێژ و خۆشییەك بە خوێنەر دەگەیەنێت)(ئازاد عەبدولواحید کەریم: ٥٨ : ٢٠٠٧).

وێنەکان دەخاتە زمانێکی شاعیرانەوە، واتە ئەوەی هەستی پێدەکات و لەناو ڕووداوەکانی دەژێت، چونکە ئەوەی (چاو دەیبینێ، لووت بۆنی دەکات، زمان ئەیچێژێ، پێست بەری دەکەوێ و گوێ دەیبیستێت) هەموویان تەواو کەرن بۆ بەستەنەوەی پەیوەندییەکان.

(یاسای گشتی ئەوەیە، کە درك کردن کۆنترۆڵی خودی ئەو مرۆڤە دەکات یان هەستەکانی، ئەو ژیرانە هەستەکان و ئارەزووەکان دەجوڵێنێ لە پیلانێکی ورد، لە پێناو درك پێکردنی زیاتر بۆ واقیع و گونجاندن لەگەڵی یان وا لە واقیع دەکات بە پێی ئارەزووەکانی بێت)،(برهان یحی ٦٥ : ١٩٩٨). بۆیە لە شاعیرانی نوێ و هاوچەرخ دەبینین لە ئەوپەڕی لێهاتوویی و تواناییانەوە. لە ئاکامی ڕێگای ئاڵوگۆڕکردنی هەستەکانیان ڕۆڵیکی بەرچاویان هەیە لە پێکهێنەرەکانی وێنە هەستییەکاندا.

تەیب جەبار بە وردی و پوختی و پاراوی ئەندێشەکردنیدا ڕۆچوونی نێو کەرەستەکانی سروشت کۆڵیوەتەوە بەهێزترین و جوانترین دەقی شیعری لە وێنەیەکی هەستی بۆ دروست کردووین، کە گوزارشت لە بەرخودان و بەردەوامی ژیان دەکات، وەك ئەو جوانییەی کە لە هەستەکان بەرجەستەی کردووە .

## وێنەی بینین

ئاشکرایە، کە گەنجینەی بنەڕەتی وێنەی بینراوە چاوە، کە گرنگترین ئامێری کامێرایە بۆ هەستکردنی بە ئەو جوانییە، هاوکات بینین کە چاو سەرچاوەکەیەتی بەراورد بە هەستەکانی دیکە پلەی یەکەم و پانتاییەکی فراوانی داگیر کردووە. ڕۆژانە ژمارەیەکی نەژمێردراوی دیاردە و ڕەنگ دەبینی و مایەی خۆشحاڵی و غەمگینی دەبیت. ئەگەر بڕوانینە ئەو لایەنە بۆ کەسێکی ئاسایی دەبێت هێندە گرنگ بێت، ئەی بۆ کەسێکی شاعیر چەندە گرنگە، لە کاتی گونجاو و پێویست دەرگا لە بەردەم هاتنەئارای دەقگەلی ئەدەبی دەکاتەوە، شاعیر بەشێوازیکی هونەری جوان ڕەنگڕێژی بۆ دەکات، وەك لەم هۆنراوەیەی تەیب جەبار لە (من شایەتم) دا دەردەکەوێت و شاعیر دەڵێت:

من شایەتم!<br>
بە چاوی خۆم دیم،

لە ڕۆژهەڵاتی شار،
گۆچانی تەبایی و
دەفی ناكۆكییان
دابەش دەكرد..

شاعیر بۆ ڕازاندنەوەی هۆنینەوەكانی لە وێنەیەكی هەستی بینیندا ڕاستگۆیانە ڕاستەوخۆ دان بە بوون و ئامادە بوونی خۆیدا دەنێت، هەستی نەتەوایەتی، خەم و ئازارەكانی وەك شەپۆلێك هەڵدەداتە سەر شەقامی كوردی و نوكی پێنووسەكەی داكۆكیكەری مافی ئازادی و سەربەستی خاكی كوردە. هاوكات هێمای شۆڕشی هەڵقولاوی بنەڕەتی كێشەی كورد لە ڕۆژهەڵاتی كوردستانەوە، كە چۆن وەك هەمیشە هەوڵ دراوە ئەو مافە تیرۆر بكرێت.

## وێنەی بیستن

تێڕوانینی شاعیر بۆ ئەو وێنانەی بەر هەستی بیستن دەكەوێت، واتە دەنگ و ئاوازە پێكهاتووەكانی، چ دەنگی مرۆڤ یان سروشت یان دەستكردن بێ یا دەنگی شتەكانی ناو جیهان بن، واتە تەنیا هەستە كە شاعیر لە ڕێی بیستنەوە جێیان دەكاتەوە، تەنانەت لە كاتی وتنی شیعرەكاندا ڕێك لەگەڵیان واتهكانیان بەر گوێمان دەكەوێت، چونكە شیعر لە بنەڕەتدا سروودە، سروودیش لەسەر ئەو دەنگانە بونیاد نراون، هەرچەندە زیاتر بە واتهوە بەندن، ئەمەش لە كاتی ئاخوتندا درك پێدەكرێن، نەك لە بینینیان، بەشێك لە ئێمە چێژ لە بینین دەبینێت، كەچی بەشێكی تر لە بیستن و كێش و ئاواز و مۆسیقا چێژ وەردەگرێت.

شاعیری داهێنەریش دەتوانێت هەستەكان پێكەوە بنێت و بە ئەندێشە دونیایەكی نوێ دروست بكات. دروستكردنی ئەو وێنە شیعرییانە لای شاعیران ئاشكرا و ڕوونە، چونكە شاعیری داهێنەر دەستكاری سروشتی شتەكان دەكات و دونیایەكی نوێ دادەهێنێت، ئەمەش لە دەستكاری كردنی شتەكان و دەنگی شتەكان و ڕەنگی و جووڵەیان دێتە ئاراوە، تەیب جەبار لە هۆنراوەی (من شایەتم) وێنەی نوێی شیعریمان لە هەستی بیستن بۆ ڕوونكردوینەتەوە و دەڵێت:

من شایەتم!
بە گوێی خۆم بیستم
لە باشووری شار
سروودی گفتوگۆ و....

گۆرانی توندوتیژیان،
دەچڕی

ئامانجی بەکارهێنانی ئەم هەستە، زیاتر بۆ دوپاتکردنەوە و زیندووڕاگرتنی دەقی شیعرییە، هەروەك دووەم هەستە کە زۆر چالاك و کاریگەرە. واتە تەواوکەری هەستی بینینە و پەیوەندییەکی پتەوی لە نێوانیان چواندووە بە پەیوەندی کوردانی ڕۆژهەڵات و باشوور و پارچەکانی تری کوردستان، ئەمەشی لە ڕێی وسەکانی (سروود و گۆرانی و گفتوگۆ) ورد بووەتەوە لە هەزری شوناسی ناوچەکە، هاوخەمی شاعیرانە بۆ دۆخی سیاسی.

## هەستی بۆنکردن

هەمەڕەنگی وێنەکانی شاعیر، پەنا دەباتە بەر بەکارهێنانی تەواوی هەستەکانی، هەرچەندە ئەم جۆرە هەستە زۆر کەم بەکارهێنراوە، بەڵام ڕۆڵی لە هۆنینەوەی وێنەکاندا هەیە، ئەم جۆری وێنەیە کە بە لێهاتوویی شاعیرانەوە ئەنجام دراوەم وەستاوەتە سەر ئاستی داهێنانی شیعریی. شاعیر سەرنجڕاکێشانە وێنەکانی بەکارهێناوە بە تایبەتی لە وێکچوونی بارودۆخەکان، لە ڕووی دەرخستنی (خۆشی و ناخۆشی) شتەکان هیچ ئاڵۆزییەکی نییە، بۆیە پرۆسەیەکی بێ گیروگرفتە، هەروەك لە ئەم هۆنراوەیە ڕوونکراوەتەوە و دەڵێت:

من شایەتم!
بە لووتی خۆم بۆنم کرد،
لە باکووری شار،
عەتری حەوانەوە....
گوڵاوی ئاژاوەیان
دەفرۆشت

تەیب جەبار لە یەکێکی دی لە بەکارهێنانی هەستەکاندا کە هەستی "بۆنکردن"ە و ڕۆژانە بە شێوەیەکی ئاسیی بەکاریدەهێنین کاتێك بەرامبەرەکەمان بە مەبەستێك قسەمان لەگەڵ دەکات و ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە لە ناخماندا بۆنی شتێك دەکەین، کە دیارە بەرامبەر نایەوێت ڕاستەوخۆ داواکارییەکەی باس بکات و جۆرێك لە لێڵی و ناڕوونی و ڕەمزاندن بەکاردەهێنێت، شاعیریش هاوشێوەی ئەم پرۆسەیە، درکی بە باری ئاژاوەگێڕی و پشێوی کردووە، کە تا ئاستی درێژەپێدان بە ون کردنی ڕێگەی ڕاست لە کوردان ڕۆشتووە، واتە بە تایبەت کوردانی باکوور لە دۆخی ئاواتخواستن و هیوا بۆ ئازادی

بەرجەستەكراوە، ئەمەشی چواندووە بە دۆخێك كاتێك بۆنی (عەترێك) دەكەيت، چۆن بۆ ساتێكیش بێت دەحەوێیتەوە، هەمان دۆخی كوردانە، كە بۆ ساتێك بەو بۆنە مەست دەبن.

## هەستی چێژتن

وروژاندنی دروست دەبێت، كاتێك تەنەكە دەكرێتە سەر زمان و پلەكانی پێ پۆلێن دەكرێت چ لە (شیرینی ، تاڵی) چونكە تامی شتەكان بە هەستی (بینین ، بیستن ، بەركەوتن و بۆنكردن) ناكرێت، بەڵام دەشێت پێیان بچوێنرێت و ولەناو دێرە هۆنراوەكاندا دركیان پێ بكرێن.
شاعیر ڕەهەندێكی تری بۆ دەقە شیعرییەكان زیاد كردووە، ئەمەشی لە ڕێگەی هەستەكان و تێهەڵكێشی هەستەكان. هاوكات هەستی چێژتن لای شاعیر ڕاستەوخۆ نییە، بەڵام ئەگەر بمانەوێت ئاوڕێك لە ژیانی و بەسەرهاتی بدەینەوە كە ژیانی چۆن گوزەراندووە، هەروەك لە هۆنراوەی (من شایەتم) دا دەڵێت:

من شایەتم!
بە دەمی خۆم تامم كرد
لە ڕۆژئاوای شار،
برنجی قاقا و .....
شلەی قیژەیان
لێنابوو

كاریگەری چێژتنی شتەكان ڕاستەوخۆیە چ (شیرین چ تاڵ) بێت، ئەمە لە ژیانی ڕاستیدا. كە چی لە ژیانی شاعیرنەی تەیب جەبباردا نالەباری و ناخۆی گوزەرانی كوردانی ڕۆژئاوا كە ڕۆژانە دەناڵێنن بۆتە ژمە خواردنێكی ڕۆژانەیان وەك (برنج و شلە).

## هەستی بەركەوتن

شاعیر لە تەواوكاری وردەكاری هۆنینەوەی وێنەكانی ڕۆچوونی بۆ نێو هەستەكان زۆرتر و زیاترە. هەر لەگەڵ بەركەوتنت سوود دەبینی نەك هەر هەستی بە (گەرمی و ساردی) یان (نەرمی و زبری) شتەكان دەكات، بەڵكو دەتوانێت لە ڕێی بینینەوە جوڵە و شێوەیان ئاشكرا بكات و هەستیان پێبكات، كەواتە بەركەوتن هەستێكی گرنگ و كاریگەرە لە بەستنەوە بە هەستەكانی تر و درك بە جوانی

شـــــتەكانی دەوروبەری بكـــــات. هاوكـــــات هەمـــــاهەنگی لەگەڵ گونجـــــانی بـــاری دەروونـــی دا، واتـــە دڵنیـــا بـــوونی لە تەنەكـــان تـــا تەواوی پرۆســـەی جیـــاوازی و هاوشـــێوەیی لیســـتە كەرەســـتەی وێـــنە هونەرییەكـــان بخەمڵێنـــی. وەك لەم هۆنراوەیەدا تەیب جەبار دەڵێت:

من شایەتم!
خۆم لەوێ بووم
لە سەیرانگای شیعری شار
شیعرێكی جوان هەبوو
ناسك و باڵا بەرز،
لە كچی جامرەش دەچوو
بە ڕەخنەی بێدەنگ
تیرۆریان كرد.

وشـــــەكانی (ناســـــك و بەرز) وەك هەســـــتی بەركەوتـــــنە، مەبەســـتی لە بەكارهێنـــانی لە لایەن خـــودی شـــاعیر، بەركەوتنـــی ڕاســـتی و دروســـتییە، چوانـــدنی بـــوونی دژە تـــانكی ئوتـــومبێلە لە بێـــدەنگ كردنـــی مـــافی تـــاك مەســـەلەی ســـەربەخۆیی كوردســـتان وەك كـــچە وردیلەیەكـــی ئەم كوردســـتانە (پەپـــوویەكە) و تیـــرۆر دەكرێـــت، ئەمەش دۆخـــی كـــوردە، طیـــب جبـــار لە ئەم هـــۆنراوەیە دا تەواوی هەســـتەكان بەرامـــبەر بە پارچەكـــانی كوردســـتان وەك یـــارییەكی پـــوزەڵ چوانـــدووە، ئەمەش جـــوانترین دەقـــی شـــیعرییە بەرمـــقەر بە پێكەوەنـــان و دیـــاریكردنی كێشـــە و گرفتـــی مەسەلەی كورد كە دوژمنان تا چەند لێی نەیارن.

ئەوەی هەســـتەكان كۆدەكـــاتەوە تەنیـــا جەســـتەی مـــرۆڤە ڕەنـــگە هەمـــووان وەك یەك نەبـــین، بگـــرە جـــوودان، خـــودا هەریەكەمـــان بە جۆرێـــك ئەو هەســـتانەی پـــێ بەخشـــیووین. هەیە كەڕوو لاڵە، یـــان نابینـــایە، مەبەســـت لێـــرە كەســـی تەواو خـــاوەن هەمـــوو هەســـتەن لە یەك جەســـتەدایە، هەروەهـــا دۆخـــی كوردســـتانیش بە هەمـــان شـــێوەیە، بگـــرە ڕاســـتییەكی حاشـــا هەڵنەگـــرە، كە چـــۆن یەك پـــارچەیی كوردســـتان لە جەســـتەیەكی تەواوی مرۆڤـــدا دەچێـــت و ناكرێـــت بە هـــیچ شـــێوەیەك پـــارچە پـــارچە بكرێـــت، یـــان لە بەشـــێكی خـــۆش بێـــت، چـــونكە هەریەكە و تـــام و بـــۆنی خـــۆی هەیە، هەروەك چـــــۆن هەســـــتەكان ڕۆڵ و كاریگەرییـــــان بە جـــــۆرێكە كە هەموویان گرنگن.

ئەنجام:

لە میـــــانەی بەدواداچـــــوون و توێژینەوەكـــــان، هەریەك لە هەســـتەكان چ لە ڕووی كـــاریگەر و ڕۆڵیـــان لە بەجـــێ گەیانـــدنی ئەركیـــان

له نێـــو دەقە شـــیعرییەکان بـــۆ بەرجەســـتە کردنـــی بونیـــادی وێنەیەکـــی شیعری گونجاو و دیار گەیشینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە.

1 جـــوانی (ئیســـتاتیکا) گرنگـــی و بـــایەخی بە تـــایبەتی لە شـــیعردا و بە گشـــتی لە ئەدەبیاتیشـــدا دیـــارە، واتـــە هەر لە کـــۆنەوە تـــا ئەم ســـەردەماندا، تەیـــب جەبـــار وەکـــو شـــاعیرێکی نوێخـــوازەوە پابەنـــدی بە بنەمـــا و ڕێچـــکەی ڕێبـــازەکەوە و جـــودا کردنـــی بەرهەمە شـــیعرییەکانی لە ڕووی ڕووخســـاری وێنەکانیـــان لە دەرئەنجامی ئەفراندنیان لە جۆراوجۆری تابلۆکانیدا.

2- تەیـــب جەبـــار لە دەرخســـتنی و بەرزکـــردنەوەی ئاســـتی داهێنـــان لەشـــیعرەکانیدا پەنـــای بـــردۆتە بەرهەســـتەکان لە چوانـــدنیان بە شـــتەکانی نـــاو جیهانی تایبەتی شاعیریەتیدا.

**سەرچاوەکان:**


❖ سەرچاوەی کوردی:

- ئازاد عەبدولواحید کەریم ، نوێکردنەوە لە شیعری کوردی دا،دوای جەنگی جیهانی یەکەم تا ساڵی ١٩٧٠،چاپی یەکەم – ئارابخا – کەرکوك ٢٠٠٦.
- ئازاد عەبدولواحید کەریم ،تیۆری ئەدەب،خوێندنەوەیەکی ئەکادیمیانە بۆ چەمکەکانی هونەر و ئەدەب، چاپخانەی ئارانجا – چاپی یەکەم – کەرکوك ٢٠٠٧.
- **تەیـــب جەبـــار، ســـێ کـــۆمەڵە شـــیعر، ســـەردەمانێ تـــاریکی ســـپی بـــوو، چاپخانەی تاران، چاپی دووەم، ٢٠١٩.**
- تەیب جەبار،گەڕان بە دوای ئیقاعی وشەدا،چاپی سێیەم – چاپخانەی تاران – ٢٠١٩.
- پەرێز سابیر، ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعری،دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس،چاپی یەکەم – هەولێر ٢٠٠٦.
- ماستەرو دکتۆرا:
- سامان عیزەدین – بنیاتی هونەری لە شیعری لەتیف هەڵمەت ،چاپخانەی کەمال – سلێمانی – ٢٠١٠.
- دکتۆرا:
- دڵشاد عەلی محمد – دیلان و تاقیکردنەوەی شیعری کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین ١٩٩٦.
- سەرچاوەی عەرەبی
- عبده بدوي ،دراسات في الشعر الحديث،كلية الآداب – جامعة كويت ،الناشرذات السلاسل للطباعة والنشر والتوزيع / كويت،الطبعة الاولى – ١٩٨٧.
- كريشنا دانكونا،بيت الحكمة الميتا فيزيقا اليونانية و تشكيل الفلسفة العربية،ت: عصام مرجاني، مطبعة النجاح الجديدة – دار البيضاء – المغرب – ٢٠١٤.
- محمد بنيس،الشعر العربي الحديث ،بنيايه وأبدالاتها،(مساءلة الحداثة)،مطبعة النجاح الجديدة – دار البيضاء – المغرب – ٢٠١٤.

- هانى يحيى،الفكر والوعي بين الجهل و الوهم والجمال والحرية ،الطبعة الاولى – بيروت – ١٩٩٨.
- يوسف ناوري،ال شعر الحديث في المغرب العربي (الجزء الثاني)،دارتوتيال للنشر،الطبعة الاولى – ٢٠٠٦.